# بۆ مرۆڤی ژێر دانوسانیش خەبات و بەرخۆدانە

## لە وەڵامی عادل ئەلیاسی دا

عەبدول واحید

هەروەك دەزانین لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا خەباتی گەلەکەمان لە پێناو وەدیهێنانی مافە رەواکانیدا لە ئارادایە و دەکرێ بگوترێت کە سەردەمی ئێستا سەردەمی زێڕینی خەباتی نەتەوەی کوردە چونکە رۆڵە دڵسۆزەکانی گەل لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دا راپەڕیون و داوای ئەستاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان دەکەن.

کورد، بە درێژایی مێژوو خوازیاری ژیانی ئاسوودە و دوور لە شەڕوکێشەو کوشتار و وێرانی بووە. تەنیا کاتێك دەستی بۆ چەك بردووە کە هیچ دەروویەکی چارەسەریی ئاشتیانەی بۆ نەماوەتەوە و بۆ پاراستنی عیززەت وسەروەری و کەرامەتی نەتەوەیی خۆی هەتا پای مەرگ بەربەرەکانەی داگیرکەرو زۆردارانی کردووە. شتێکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگریشە کە شەڕی کورد هەمیشە لە پێناو ئاشتی و دانوسان دابووە.

هەرکاتێکیش دوژمنان و ناحەزانی داوای دانوسان و چارەسەری ئاشتیانەیان کردبێت، کورد بەوپەڕی راستی ودڵپاکی و نیازپاکییەوە هاتووەتە پێش و کاری بۆ کردووە و باشتر بڵێین، قوربانیی بۆ داوە! خەڵکی تەنیا لەشەڕدا بۆ ئاشتی قوربانی دەدەن بەڵام ئێمە قوربانییەکانی سەر مێزی دانووسانمانگەورەترین قوربانی بوون و زۆر جار پشتیان شکاندووین و نائومێدیان کردووین.

بەڵام ئەمە هیچ نابێتە پاساوی ئەوە کە ئاڵای رووخاندنی چوار دەوڵەت هەڵگرین و وەڵامی هیچ چەشنە بانگەوازێکی ئاشتی نەدەینەوە. ئێمە، ئەگەر دروشم وئامانجمان کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتووش بێت دیسان هەر پێویستە بۆ دیاریکردنی تخووب و چوارچێوەی دەسەڵاتمان و ئیمزاکردن و راگەیاندنی رێکەوتننامەکان لەگەڵ دوژمنەکانمان لەسەر مێزی دانووسان دابنیشین.

کەواتە دانوسانیش شێوەیەکی خەبات و بەرخۆدانە نەك خۆبەدەستەوەدان و شەریك بوون لە جینایەتەکانی داگیرکەراندا. پێم وایە هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکەین ئەگەر نیازمان وا بێت کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین بە ئومێدی گەیشتن بە مافەکانمان لە دوای کۆماری ئیسلامی.

کێ دەزانێ کە دوای ئەم حوکوومەتە چ گورگێکی خوێنڕێژ لە ئێراندا دێتە سەرکار؟ خۆ ئەگەر موجاهیدین بێنەسەر دەسەڵات دەبێ بڵێین هەزار خۆزگە بە کفن دزی هەوەڵێ. ئەگەر خوا نەخواستە کۆمونیست بێنە سەرکار (کە مەحاڵە) لە جیاتی دارتەلەکانی کارەباش پەیکەری مارکس و لینین دەچەقێنن و وەڵات دەکەنە بەندیخانەیەکی گەورەو سامناك.

خۆ ئەگەر هەتیوەکەی حەمەڕەزا بۆی بلوێت بێتەوە سەر پەتوسینگی باوکی، قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و داخی دڵی خۆی بە کورد دەرێژێت، هەروەکوو جۆرج بووشی کوڕ بە ئامان و زامان یەخەی سەددام بەرنادات و دەیەوێ کەسایەتیی لەدەسچووی باوکی وەدەس بێنێتەوە.

کورد دەڵێ: هەشت بێ لە مشت بێ، نەك نۆ بێ نەبێ. هەروەها ئێژێ: ئەوەی بە تەمای دراوسێی بێت، بێ شێو سەردەنێتەوە.کەوابوو کارێکی زۆر بەجێیە ئەگەر بە پیرهەر بانگەوازێکی ئاشتییەوە بچین لە هەر لایەنێکەوە بێت بەڵام بە لێکدانەوەی ژیرانە و بە ئەزموون وەرگرتن لە هەڵەکانی رابردوو وە بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی رامیاریی جیهان و ناوچە و لە هەمووی گرینگتر دانانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەسەرووی هەمووشتێکەوە. من خۆم کەسێکم کە خۆم و بنەماڵەکەم لە کوورەی شۆڕش و خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دا قاڵ بووین وتەمەنێکم لەو مەیدانەدا بەسەر بردووە



www.kurdistannet.org

به نوێنەرایەتیی هیچکام لە حیزبی دێمۆدکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیش ناپەیڤم و رێگاش بە خۆم نادەم پاکانە بۆ کۆماری ئیسلامی بکەم، بەڵام لە رۆژی رووناکیشدا گەواهیی ئەوە نادەم کە ئاسمان پڕبێ لە ئەستێرە.

لادان لە مەنتیق و خۆ گێل کردن لە راستی بۆ مرۆڤی کوردی راستگۆ وبە ئینساف دەبێتە مایەی ئازاری ویژدان.

چونکەراستگۆیی یەکێکە لە سیفەتە هەرە بەرز و چاکەکانی مرۆڤی کورد. راستە سەرانی کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران کوردکوژ و مرۆڤکوژ و خوێنرێژ و زۆردار و تەڵەکەبازن و هەزارویەك فرت و فێڵیان لە بن شاقەلەکانیاندا شاردووەتەوە بەڵام باوەڕناکەم هەموو تاوانەکانی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی، هەر لە رۆژی هاتنە سەر کاریانەوە تاوەکوو ئەمڕۆ بارتەقای شیمیابارانی هەڵەبجە بێت.

کەچی ساڵی ١٩٩٢ رێبەرانی کوردی کوردستانی عێراق زۆر بە گەرمییەوە پێشنیاری دانوسان لەگەڵ حوکوومەتی عێراقیان پەسەند کرد و چوونە بەغدا و دیکتاتۆرترین و خوێنرێژترین و بێبەزەترین جانەوەریان لەباوەش گرت و ماچ کرد! باشە ئەو کاتە کاك عادل لە کوێ بوو تا وتارێکی لەم بابەتەی لەسەر مەسعوود بارزانی ، جەلال تاڵەبانی، مەحموود عوسمان و.

نووسیبایە و ئەوانیشی بە هاوکاری جینایەتەکانی سەددام لە قەڵەم بدایە؟ دەوڵەتی ئیسرائیل هیچ جینایەت و اهەقییەك نەما نەیکات لە دژی گەلی فەلەستین بەڵام بە چاوی خۆمان دیتمان کە یاسر عەرەفات و ئیسحاق رابین چۆن ئامبازی یەکتری بوون و ئامێزیان لە یەکدی وەرێنا.

(هەرچەند دواتر بە پیلانی ئێران و سووریا رەوتی ئاشتەواییەکەیان بە لارێدا برا.) باشە بۆچی گەلی و خەڵکی فەلەستین نەیانگوت یاسر عەرەفات شەریکی تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلە؟ لە دوا قسەمدا لە کاك عادل دەپرسم، کەی کۆماری ئیسلامی 4000گوند و شارۆچکەی کوردستانی لەگەڵ خاك یەکسان کرد؟ کوا کۆمەڵکوژی و زیندەبەچاڵی بە شێوەی جەهالەتی عەرەبیی لە کوردستان بەرێوەبرد؟ کەی دانیشتوانی کوردی لە کوردستان دەرکرد و خەڵکانی تری نیشتەجێ کرد؟ کەنگێ چەکی شیمیایی و بیۆلۆژیکی لە دژی گەلی کوردستان و رۆڵەشۆرشگێرەکانی ئەزمووند؟ کوا لە بەرژەوەندیی کوردە کە وەڵامی رەت بداتەوە بە بانگەوازی ئاشتی؟



www.kurdistannet.org